# من و پرسیار
## بەشی یەکەم

لە ژنێکم پرسی
تۆ بۆ ئەو هەموو زوڵمەی پیاوەکەت قبووڵە ؟
ووتی : تا خوا و پێغەمبەری خۆم لێ ڕازی بێت

لە پیاوێکم پرسی
بۆ دوای ئەوەندە ساڵ ژن و مێردایەتی
دایکی منداڵەکانت کووشت ؟
ووتی : غیرەی لە ژنە دۆستەکەم دەکرد

لەکچێکم پرسی
تۆ چۆن لە سەربەستی تێدەگەیت ؟
ووتی: کە گەیشتە ئێرە ئەوسا قسەی  لەسەر دەکەین

لە کوڕێکم پرسی
تۆ چۆن هاوسەری ژیانت دەست نیشان دەکەیت ؟
ووتی : هەر بە قەزاو قەدەر

لە پیرەمێردێکم پرسی
تۆ ئاوات بە چ ساتێکی گەنجیت دەخوازیتەوە ؟
ووتی : هیچ ، ئەوساش هەروابوو گەنجێتی نەبوو

لە پیرەژنێکم پرسی
نەنە گیان لە کچێنیتدا چیت زۆر خۆش بوو ؟
ووتی : بە قووربان من سەرم لە گوێی قەبر دەلەرزێ

لە منداڵێکم پرسی
هەرچەندە جوان نییە ئەو پرسیارەت لێ بکەم
بەڵام کوڕە جوانەکە تۆ دایکت خۆش دەوێت یان باوکت
ووتی : دایک و باوکێک کە فەرهەنگی منداڵان بناسن
لە ماناکانی منداڵبوون گەیشتبن

لە کچێکی تەمەن 5 ساڵانم پرسی
لە چی زۆر دەترسیت ؟
ووتی : لە گوێزانی خەتەنە کردن

لە سیاسەت مەدارێکم پرسی
ئاییندەی ووڵات لە کوێ دەبینیت ؟
ووتی : لە هەندەران      .....      بەشی تری بەدواوا دێت

نیگار عەلی      nigaral_24@freenet.de